www.kurdistannet.org
19/05/2003 20:41

# دەروێشەکانی مام جەلال

جەزا چنگیانی

قوتابی زیرەك و بەڕەوشت بەری قوتابخانە و مامۆستای بەڕەوشت و زیرەکە. کورد دەفەرمۆی جۆگە لە سەرچاوەوە لێڵ دەبیٚ. زۆر بەداخەوە ئەو سەرچاوە پاکژەی دەیویست بڕژێتە کێڵگەی ووشکی کوردەواری و ژیانی مرۆڤی کورد بکات بە گوڵزار. لێڵ بوو... یادتان بەخێر کاکە ئارام چەند مامۆستایەکی بەڕەوشت ومۆرۆڤ دۆست بووی , یادتان بەخێر خاڵە شەهاب چەند خاڵێکی دڵسوز وحەزت بە زەدەخەنەی سەر لێوی منداڵە هەژارەکانی کوردستان دەکرد , یادت بەخێر کاك عەلی عەسکری چەند قارەمان وشەیدای بەرزیی کەسایەتی کوردی بوویت , یادتان بەخێر کاکە جەعفەر چەند دیوانەی هوشیاری کورد بوویت , یادتان بەخێر کاکە جمالی عەلی باپیر دەویست خوێت و ماڵ و منداڵت برسی بن وەلی میلەتەکەت سەروەر. ئەی تۆ ئەی پیشمەرگە قارەمانە نەخوێندەوارە هوشیارەکەی کوڕپەی بابا گوڕگوڕ مامە ڕیشە. دەزانم ڕۆحیانەتان لە میژوودا سەرەوەرە و(**شەرم لە ئیستا دەکەن**), چیتان ڕووان و چی سەوز بوو. ؟؟!!!! ئێوە سەرچاوەی کانیاوێکی ڕوون وپاکی کوردەواری و ئینسانی بوون. لە یاسای ئێوەدا (گۆچان) یاسا و (دەستبیح) زمبۆڵ نەبوون. بۆیە هەر دوای ماڵ ئاوای ئێوە سەرچاوەکەتان لێڵ بوو , ئا لێڵ بوونێك بۆقیش نەتوانی هەناسەی تێدا بدات !!! نەك ڕۆژنامەنووس , نەك نووسەر , نە دایك و خۆشك و ژنی جوانی شەهیدێك. بەرنامەکەتان گۆڕا لە کوردایەتیەوە بوو بە دەرویشیی. دەرویشی کەسێك کە هەمیشە لە (دەستبیحین) و حاڵدایە.

لە وتاری (دەستبیحەکەی مام جەلال) دا مەبەستم بوو ڕووی قوپاوی دبلۆماسیەتی کورد کەمێك مکیاچ بکەم وئەگەر لە تەلەفزوینی وولاتێکی تر بەڕیکەوت (تاڵەبانی) دەرکەوت. بە (دەسبیحینەکەی) پێنەکەنن. ئابڕوومان نەچیٚ. ئایا ئەمە دڵسوزی نیە بۆی ؟؟!!. دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ووتارە کۆمەڵێك ئیمایل و تەلەفونم بۆ هات (گەلێکیان دەستخۆشکەریان لێدکردووم سوپاسیان دەکەم وبە ڕێزەوە وەڵامم دانەوە) وەلیٚ دەرویشەکانی مام جەلال وەك ڕەوشتی خۆیان. چەندەها نامەی (جنیویان) بۆ ناردم. زۆر غەمبار بووم نەك بە جنێوەکان , بەڵکو بەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لەناو میللەتەکەمدا کۆمەڵە کەسانێك هەن فیری زمانەکەم بوون و سەر بەڕیکخراویکن ناوی خۆیان ناوە (سوسیال دیموکرات) و بەشێکی نیشتمانەکەمیان قۆرخکردەوە دەڵێن کوردایەتی دەکەین و کۆمەڵگا بەرەو مۆدیرن بوون دەبەین. ئەوانەی جنیوەکانیان نوسیوە لە ئەورووپادا دەژین و گەر هوشیار بن و کەمێك ئاگایان لە دونیای دیموکراتی وئازادی ڕادەربڕین وپەسەندکردنی یەکتری هەبیٚ , دەبیٚ بزانن ئەو سەرنج ورەخنانەی من لە (دەستبیحەکەی مام جەلال) م گرتوە. دوورە لە هەموو سوکایەتی و بریندارکردنی ئەو کەسەوە ,مافێکی سەرەکی وئاسایی گشت ڕۆژنامەنووس و کەسێکە. , کەسانێك بتوانن لەسەر کۆمپیوتەر کار بکەن وبەزمانی ئینگلیزی جنیو بنوسن , ئەوە ڕەوشت و مۆڕاڵ وتیڕوانیان بێت بۆ سەرنجە جیاوازەکان. دەبیٚ ئاستی بیرکردنەوەیان چەند نزم بێت. مرۆڤ شەرمەزاری ئەوە دەکێشیٚ بلێت ئەمانە سەر بە نەتەویەکن. زیاد لە ملوێنی قوربانی لە پیناوی ئازادیدا داوە.. هەندی (حزب) هەیە نەك نابێتە قوتابخانەی فکری , بەڵکو دەبیتە نەخۆشخانەیەکی دەروونی. وەکی بەعس و نیازی.

هاوڕێیەکی منداڵیم هەبوو هەردووکمان بووین بە ڕۆژنامەنووس ئەو لە ئاسمانی (کوردستانی نوێ) دا توانای خۆی قەتیسکرد ومنیش توانام کردە کۆترێکی سپی باڵ فراوان و لە ئاسمانی(کوردستانی گەورە) دا دایی لە شەقەی باڵ. ئەو سلاوات تەنیا لە باڵای کەسێك دەدات و من بۆ میلەتەکەم دەگریم , مەلی ووشەکانی ئەو ناتوانی قولانجێك لە ئاسمانی (کوردستانی نوێ) زیاتر بفڕیٚ. ووشەکانی من بە هەموو ئاسمانی کوردستانی

گەورەدا شەقەی باڵایان دێ. ووشەکانی من ماڵە سارد وسڕەکانی شەهیدەکان بەسەر دەکاتەوە. شەوانە دەست بەسەری منداڵە بێ باوکەکانی کوردا دەهێنێ. فرمێسکی چاوی دایکانی شەهیدان دەسڕێ. پرسیاری هەموو خاوەن ئەنفالەکان بە ڕوح دەداتەوە. ئەو هاوڕێیەم (لەسەر ووتاری (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ یان عیراقی نوێ) هەموو لاپەرەکانی میژوومانی سوتان. دەبێ بەئەمەك بم بۆ میلەتەکەم و مرۆڤایەتی , چونکە ئەرکی نەتەوایەتیم تەوژمی خوێن و تیژی زمانی پێنوس و چاوی ڕوونی کامیرەکەمە. ئی وایە ئەرکمە من ئەگەر نەتوانم داگیرکەرانی کوردستان بەلەسە نەکەم , ئەگەر نەتوانم دەسەلاتی دیکتاتۆریتی کوردی توڕە نەکەم , پەیکەری صدامە کوردیکان نەڕمینم , ئەوە دەبێ ببم بە یەکیتی و دەرویشی مام جەلال.

کە جەمالی علی باپیر کوژرا ,

کە صلاحی موهندیس کوژرا

کە مامە ڕیشە کوژرا ؟....... زریکە لە رۆح و هەستی نەتەوایەتیم هەڵسا....مام جەلال بزە و خەندە

# دیارییەک بۆ دایکی مامە ڕیشە و گشت ڕەشپۆشەکانی گەرمیان

لە گۆڕستانی دێیەکی ڕاگۆیزراوەی

گەرمیان

لەتە ئاوێنەیکی شکاو لێم هاتە

زمان

ووتی هەی سەر شێت , عاشقە شێتەکەی

کوردستان

گەرەکتە بزانی چیم لە گلێنەی ڕۆحا

حەشار داوە ؟؟؟

وەرە....وەرە بمخەرە بەر تیشکی

گڕەکەی بابا گوڕگوڕ

با بزانی مامە ڕیشە

چەند جار ڕیشی لەبەر مندا

داهێناوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org